# ئەمنستی نارەزاییە بەرامبەر بە بەشداریکردنی سەرکردەکانی (پارتی) و (یەکێتی) لە حکوومەتدا

و. سالار سۆفی
salarsofy@hotmail.com

لەندەن (رۆیتەرز) : رۆژی سێشەممەی رابوردوو، رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ( Amnesty International)کە رێکخراوێکە بایەخ بە مافی مرۆڤ دەدات، ئەو هێزانەی کە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە رابەرایەتی دەکرێن بەوە تاوانبار کرد ،کە ئامادەییان بۆ پاراستنی چاڵە نەوتەکانی عێراق باشترە لە ئامادەییان بۆ پاراستنی دانیشتووانی عێراق و بنخانی ئابووری عێراق.

بەرێز (ئیرین خان) سکرتێری گشتی ئەم رێکخراوە کە بنکەکەی لە لەندەنە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا وتی: ( (پێ دەچێت کە ئامادەکارییەکی باشتر بۆ پارێزگاری لە چاڵە نەوتەکان کرابێت، وەك لەوەی بۆ پارێزگاری لە نەخۆشخانەکان و تۆرەکانی ئاو و خەڵکانی سیڤیل کراوە) ) . هەروە هاوتی ( ( سەرنجە سەرەتاییەکان لە هەڵوێستی هاوپەیمانەکان بەرامبەر بە یاسا و سیستەم، دڵنیایی ناخاتە دڵی گەلی عێراقەوە) ) .

بەڵام واشنتۆن و لەندەن بەرپرچی ئەو ئاماژانە دەدەنەوە، کە گوایا هێرشیان بۆ سەر عێراق لە بنەرەتدا پەیوەندی بە زۆری نەوت لە چاڵە نەوتەکانەوە هەیە و پەیمانیان داوە بە دڵنیاییەوە قازانجەکانی نەوت بە گەلی عێراق بگەیەنن.

لە هەفتەی رابوردووەوە کە رژێمی سەدام حوسێن رووخا، هاوکات لەگەڵ ئەو ئاهەنگە جەماوەرییانەی لە تەلەفزیۆنەکاندا بە شێوەیەکی فراوان نیشان دەدرێن، کەموکوری لە ئاو و دزی و جەردەیی لە چەند بەشێکی عێراقدا بووە هۆی وروژاندنی چەند تێبینییەکی شەرمهێنەر.

(ئیرین خان) دانی بەوەشدا نا کە پاسەوانیکردنی چاڵە نەوتەکان و پاراستنی گەل، دوو ئەرکی تەواو جیاوازن. بەڵام وتیشی ( (پێگیریی سەرکردە بەریتانی و ئەمریکییەکان لەسەر رۆڵیان لە رزگارکردنی عێراق، وای کردووە خۆشگوزەرانی گەل لە لای ئەوان ببێت بە بابەتێکی گرنگتر) ) .

هەروەها وتی. ( ( پێویستە پاراستنی خەڵك، لە بەرپرسێتییە یەکەمەکانی هەر هێزێك بێت کە بە نیازە بچێتە ناو وڵاتێکەوە و بیانووشی بۆ ئەو چوونەژوورەوەیە، رزگاریی گەل و پاراستنی مافەکانیان بێت) ) .

سەبارەت بە داهاتووی عێراقیش، رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی نارەزایی خۆی بەرامبەر بە بەشداریکردنی سەرکردەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لە حکوومەتی تازەی عێراقدا، بەو هۆیەی کە گوایا مافەکانی مرۆڤیان لە کاتی شەری ناوخۆ لە ناوەراستی نەوەدەکاندا پێشێل کردووە، دەربری. هەروەها ئەم رێکخراوە وتی: ( (ئەو دوو لایەنەی کە لە دووای جەنگی کەنداوی ساڵی (١٩٩١) وەوە دەسەڵاتیان لە باکووری عێراقدا دابەش کردووە، بەرپرسن لە مردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سیڤیل و ئازاردان لە ئاستێکی بەرفراواندا) ) .

ئەم رێکخراوە ئەو داوایەشی دووبارە کردەوە کە لیژنەیەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەستێت بە لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە پێش و دووای کێشەکان، بە شێوەیەك کە لە رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ( یوگوسلافیای کۆن) ی پاش جەنگ بچێت.

(ئیرین خان) وتی: ( ( سەربازە بەریتانی و ئەمریکییەکان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە هێزە داگیرکەرەکان، تا ئەو کاتەی لە عێراقن لەسەریانە مافەکانی مرۆڤ بپارێزن) ) .

هەر لەگەڵ دووبارە پێکهێنانەوەی هێزی پۆلیس لە شارەکانی عێراقدا، (ئیرین خان) داوای کرد کە پرۆسەی پشکنین و وردبوونەوەیەکی قووڵ پیادە بکرێت، بە شێوەیەك کە هەر پۆلیسێك بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار کرابێت، بۆی نەبێت بگەرێتەوە بۆ کارکردن لەم دەزگایەدا.

www.kurdistannet.org

بەڵام سەبارەت بە چاککردنێکی بەرفراوانتری سیستەمی تاوان، ئێرین خان دەڵێت: (( ئەوە ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان حکوومەتێکی عێراقی هەڵبژێردراوە)) .

٢٠٠٣ .٤ .١٦

سەرچاوە:

GMT 05. 00 hours + 2003-04-15 - 15:58:19 : : REUTERS-رویترز

www.kurdistannet.org کوردستان نێت